# حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كوردستان یا به‌ راستدا بردنی كۆمۆنیزمی كرێكاری !!؟

## به‌شی سێ یه‌م و كۆتایی

سه‌ردار عه‌بدوڵا حه‌مه‌

سه‌بارەت به‌ پێک هاتنی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كوردستان له‌ دوو به‌شی پێشوودا زیاتر ئاماژەم به‌ سه‌رنج و ره‌خنه‌ له‌ بریارنامه‌كه‌ی مه‌كته‌بی سیاسی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق كرد . له‌م به‌شه‌دا ده‌چمه‌ سه‌ر وه‌لام دانه‌وه‌ به‌و دوو پرسیاره‌ی تر كه‌ له‌ به‌شی یه‌كه‌مدا كردوومه‌ ئایا ئه‌م حیزبه‌ تازه‌یه‌ حیكمه‌تیست ده‌بێ؟ یا ئایا رابه‌ری حككع ده‌توانن ئه‌م حیزبه‌ پێک بهێنن؟ له‌م به‌شه‌دا ده‌چمه‌ سه‌ر ئه‌و قسانه‌ی رابه‌رانی ئه‌و حیزبه‌ كردوویانه‌ له‌م باره‌وه‌ به‌ تایبه‌ت له‌م ماوانه‌ی دواییدا.

له‌لای هه‌ر كه‌سێ كه‌ به‌ كۆمۆنیزمی ماركس و مه‌نصور حیكمه‌ت ئاشنا بی پێک هاتنی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری له‌ هه‌ر چاوچێوه‌كی جۆگرافید اوه‌ک وه‌سیله‌یه‌كی پێویست بۆ به‌رپاكردنی شۆرشی سۆشیالیستی و به‌دیهێنانی دونیایه‌كی باشتر وه‌ وه‌لام ده‌ره‌وه‌ بی به‌ هه‌ل ومه‌رجێكی سیاسی و كۆمه‌لایه‌تی و ئابوری دیاری كراو كه‌ له‌ ژێر یه‌ک ده‌ستور و یاسای سه‌رمایه‌دا بێت ، ره‌د ناكرێته‌وه‌ . به‌لام ئایا كوردستانی عێراق له‌م كاته‌دا ئه‌م زه‌مینه‌ی هه‌یه‌ ؟ سه‌بارەت به‌ به‌وه‌ی كه‌ ئه‌م حیزبه‌ له‌ لایه‌ن مه‌نسور حیكمه‌ته‌وه‌ قسه‌ی له‌ سه‌ر كراوه‌ ڕێبوار احمد له‌ بلاو كراوه‌ی ئۆكتۆبه‌ری ژماره‌ 162 ده‌ڵێ :

<u>مه‌نسوری حیكمه‌ت وه‌كو رابه‌ری سیاسی و موفكیری هاوچه‌رخی ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌ هه‌میشه‌ سه‌رنجی هه‌ردوو حیزبی بۆ ئه‌مه‌ راكێشاوه‌ و دواجاریش ئه‌مه‌ی له‌ پلینۆمی 14 ی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ئێراندا به‌ رۆشنی باس كردوه‌ بۆیه‌ به‌ بروای من لایه‌نێكی گرنگ له‌ جیاوازی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كوردستان له‌ گه‌ڵ ئه‌حزابی پێشوو ئه‌وه‌یه‌ كه‌ هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه‌ بتوانێ مه‌حكه‌م له‌ سه‌ر خه‌تێک كه‌ مه‌نسور حیكمه‌ت ره‌سمی كردووه‌، له‌ هه‌موو روویه‌كی سیاسی و فیكری و پراكتیک وسونه‌ته‌كانی كاره‌وه‌، بگیرسێته‌وه‌ فاصله‌یه‌كی گه‌وره‌ له‌ گه‌ڵ نه‌ریت و سوونه‌ته‌ ده‌ست و پێگیره‌كانی چه‌پی سوونه‌تی بگرێت</u> ....(تاكیده‌كان هی منه‌)

رێبوار احمد ئه‌وه‌ یه‌كه‌م جاره‌ به‌ ئاشكرا و به‌ نوسین ئه‌وه‌ را ده‌گه‌یه‌نێ كه‌ منصور حیكمه‌ت باسی پێكهاتنی حیزبی كردوه‌ بۆ كوردستان ، كه‌ ده‌بوو زووتر ئه‌مه‌ی رابگه‌یاندایه‌ ، پێم وایه‌ راگه‌یاندنی ئه‌مه‌ له‌ ئێستادا بۆ حه‌سم كردنی ئه‌و خیلافاته‌یه‌ كه‌ له‌ ناو ریزه‌كانی حیزبه‌كه‌ی خۆیدا هه‌یه‌ له‌ سه‌ر دامه‌زراندنی حیزبی كوردستانی. ئه‌وه‌یشی ره‌بتی به‌م مه‌قوله‌یه‌وه‌ هه‌یه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ كۆمۆنیسته‌كان هه‌میشه‌ و هه‌ر رۆژه‌ وه‌ک یه‌ک بیر ناكانه‌وه‌ و سیاسه‌ت دانارێژن ، هه‌روه‌ک چۆن زۆر مه‌سه‌له‌ هه‌بووه‌ ماركس یا لینین له‌ كاتی خۆیدا چه‌ندین پلان و پرۆژه‌ی سیاسی و لێكدانه‌وه‌یان بۆی هه‌بوه‌ كه‌ ئیتر بۆ ئه‌مرۆ ده‌ست ناده‌ن وه‌ خودی مه‌نصور حیكمه‌تیش ده‌ستی پێوه‌ نه‌گرتوون ته‌نانه‌ت ره‌تی كردوونه‌ته‌وه‌ ، بۆ خودی هاوری ریبوار و بۆ هه‌ر ماركسیستێ ئه‌وه‌ روونه‌ كه‌ بناغه‌ی ماركسیزم له‌ سه‌ر نیسبی بوون پیاده‌ ئه‌كرێ . واته‌ وه‌لام دانه‌وه‌ به‌ هه‌لومه‌رجه‌ جیاوازه‌كان له‌ رووی كات و شوێن وباری كۆمه‌لایه‌تی و سیاسی و ئابوریه‌وه‌. مه‌نسوری حیكمه‌ت له‌ سه‌ر ئه‌م بناغه‌یه‌ وه‌لامی داوه‌ته‌وه‌ به‌ هه‌لومه‌رجه‌كان و قسه‌ی كردووه‌ له‌ سه‌ر مه‌سه‌له‌ جیاجیاكان، كاتێ باس له‌ مه‌سه‌له‌ی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كوردستان ده‌كات ، كوردستان له‌ هه‌لومه‌رجێكی ته‌واو جیاوزادا بووه‌ به‌ به‌راورد به‌ ئێستا ئه‌و كاته‌ كوردستان ئوردوگایه‌ک بوو له‌ ژێر خه‌تی نۆفلایزۆندا بوو كه‌ خه‌لكه‌كه‌ی له‌سه‌ر خێر و سه‌ده‌قه‌ی ریكخراوه‌ مرۆیه‌كان ده‌ژیا و ، هیچ ده‌سه‌لات و حكومه‌ت و یاسایه‌ک نه‌بوو ، شه‌ری ناوخۆی یه‌كیتی و پارتی و بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی وحیزبه‌كانی تر هه‌بوو ، شه‌ری حكومه‌تی فاشیستی به‌عس و هه‌ره‌شه‌ی داگیر كردنه‌وه‌ی كوردستان ئاواره‌یی و داسه‌پاندنه‌وه‌ی فه‌زای كوشت و برِو ترس و سه‌ركوت و مالوێرانی چه‌ند باره‌ به‌ سه‌ر خه‌لكه‌كه‌یدا هه‌بوو . ئه‌مه‌ وه‌سیله‌یه‌ک ده‌خوازێ كه‌ جیاوازه‌ له‌ وه‌سیله‌ی ئه‌مرۆ چونكه‌ ئه‌م هه‌ل ومه‌رجه‌ نه‌ماوه‌ و گۆراوه‌ كه‌ به‌ بروای من هه‌ر ئه‌وكاته‌ش هێشتا پێداویستی حیزبێكی تری كۆمۆنیستی كرێكاری له‌ ئارادا نه‌ بوو ده‌نا مه‌نسورحیكمه‌مت هه‌ر ئه‌وكاته‌ لێ

نەدەگەرا تا ئەو حیزبە پێک بهاتایە بەلام بە کردەوە نەچوە سەر ئەم تەرحە چونکە هەر ئەوکاتەش دلنیا نەبوو لەوەی زەمینەی ئەو حیزبە هەبێ . ئەگەر چی ئەو کاتە فاکتەکان زۆرتر بوون بۆ پێکهاتنی ئەو حیزبە ئێستا گەلێک کەمترە. جگە لەمە ئیمە کۆمۆنیستەکان ئەوەمان لە بیرە کە مەنسور حیکەمەت خۆی لە پێش دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە باسی ئەوە دەکا کە حیزبی کۆمۆنیست لە بەرانبەر یەک جۆر قانون و یاسای سەرمایەداریدا کە لە چوارچێوەیەکی جوگرافیدا بە شێوەی دەوڵەت بە رێوە دەچێ ، دەبێ دا بمەزرێ کوا ئێستا لە کوردستاندا دەولەتێکی قەومی لە نەوعی غەربی یا شەرقی بە دەستور ویاسای سەربەخۆی خۆیەوە هەیە تا حیزبێکی ئۆپۆزسیۆنی کۆمۆنیستی بتوانێ خەلکەکەی ئامادە بکا بۆ شۆرشی کۆمەلایەتی و دامەزراندنی سۆشیالیزم لەو چوارچێوە جوگرافیایەدا. دەسەلاتیکی بە قەولی( سەرانی یەکیتی و پارتی) فیدرالی هەیە لە چوار چێوەی عێراقدا کە یاساکان و دەستور هیچ جیاوازیان نیە لە گەڵ حکومەتی بەغدا . لە کوێدا یەک یاسا ودەستور بەرێوە دەچێ یەک دەوڵەت هەیە دەبێ ئەلتەرناتیڤی خۆت لە بەرانبەر ئەودا مەترەح بکەی کوردسستنا بەشێکە تا ئێستا جیا نەکراوتەوە لە عێراق ئە مە واقعیەتە بۆیە ناکرێ حیزبی جیای بۆ پێک بێ .

لە بەشی یەکەمی باسەکەمدا ئەوەم ووت کە هیچ کات ئەوەندەی ئێستا خەلکی کوردستان و دانیشتوانی عێراق تێکەڵ بە یەک نەبوون ئەوەتا کاتێ تیمی فووتباڵی عێراقی کاسی یەکەمی ئاسیا بە دەست دەهێنێ ، لە شارەکانی کوردستان هەروەک شارەکانی تری عێراق شادی و خۆشی نیشان دەدەن تەنانەت ئالای عێراقیش بەرز دەکەنەوە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ خەلکەکە هەمووی خۆی بە دانیشتوانی عێراق حساب دەکاو لە یەک نزیکن؟ بێ گومان وایە کەواتە خەلکی کوردستان گیرۆدەی ئەو دەسەلاتەن کە ئالای عێراقی داوەتە دەستیان دەبێ خەلکی کوردستان و ناوەراست باشوری عێراق پێکەوە رێک بخرێن لە بەرانبەر ئەم دەسەڵاتە مەرکەزیەدا کە دەسەلاتەکەی یەکێتی و پارتیش بەشێکن لەو. کۆمۆنیستەکان تا بۆیان بکرێ لە سەر یەک پارچەیی خەلکی کرێکار و زەحمەتکێش کار دەکەن نەک لە یەک دابرانیان( یەکێ لە کادیرەکانی حککع بە ناوی عامر سابیر ئەم قسەی منی تەحریف کردووە وە بەوە تۆمەتباری دەکا کە ئەمە دیفاع کردنە لە یەکپارچەیی خاکی عێراق و وە بە چەپی حاشیەیی ناومان دەبا ) لە کاتێکا چینی کرێکار یەکپارچەیان پێویستە تۆ وەک مەیلی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبێ یەکپارچەیی کرێکارانت بۆ گرنگ بێ دەبێ ئەم چینە یەکگرتوو تر بێ. ئەوە نایەتەوە لە گەل سوونەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە دابرینی کرێکاران لە یەکتر یەکێک لە ئەولەویەتەکانی کارت بێ . تەنها لە مەسەلەی بریار دانی چارەنوسدا نەبێ خەلک ئازادە چۆن بریار دەدابە جیا دەیەوی بژی دەولەتی خۆی هەبی حیزبیش دەبێتە پالپشتی داواکەی خەلک یا تەنانەت حیزب دەتوانی بلێ سەربەخویی باشە لە ریفراندۆمدا دەنگی پی بدەن . بەلام لە پێکهاتنی حیزبی کرێکاریدا ئەوە دەگورێ کاتێ حیزبی کریکاری جیا پویستە کە دانیشتوانەکان لە یەک جیا بوبنەوە لە باری دەولەت و یاساوە بە جیا بژین . ئەحزابی کۆمۆنیستی بۆ ئەوە پێک نایەن کە جیا بوونەوەی خەلکێک لە خەلکانی تر هەدەفی سەرەکیان بێ حیزب وەسیلەی خەباتی چینەکانە هەلوەساندوەی کاری کرێ گرتەو مالکیەتی تایبەتی و دەسەلاتی سەرمایە وە بۆ بۆ گۆرینی دونیا ، کۆمۆنیستەکان ئەگەر بۆیان بکرایە یەک حیزبیان بۆ هەموو چینی کرێکاری جیهان پیک دەهێنا تا ئامانجی( کرێکارانی جیهان یەکگرن) بە دی بێنن و شۆرشی سۆشیالیستیان لە سەرتاسەی جیهاندا بەرپا دەکرد بەلام بە داخەوە کە ئێستا ئەمە ناکرێ ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ تا دێ حیزب بچوکتر بکەنەوە بە ناوی حیزبی فلان هەرێم و ناوچە شار و قەوم و.....هتد لە کاتێکا هەل مەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری یەک بێ یا لە یەک نزیک بێ دەبێ حیزبیش یەک بێ.ئەگەر ئەم هەل ومەرجە لە کوردستان لە گەل عێراقدا بە تەواوی وەک یەک نیە بەلام زۆر نزیکن لە یەکتر بۆیە یەک حیزبی کۆمۆنیستی دەخوازێ چونکە یەک دەولەت و یەک یاسا و یەک دەستور هەیە لەو چوار چێوەی عیراقدا بە کوردستانیشەوە.

رێبوار احمد باس لەوە دەکا کە ئەو حیزبە مەحکەم لە سەر خەتی مەنصور حیکمەت بێ . ئەو حیزبە ناتوانێ وابێ ، ئەگەر تەنها لە گۆشەیەکدا باسی نمونەیەک بکەین ، مەنصور حیکمەت لە هیچ جێگایەکدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەوە پێناسە نەکردوە کە حیزبی هەموو چەپ و کۆمۆنیستەکان بێ بە بیرو راو مەیلە جیاوازەکانیانەوە هەروەک رێبوار ئەحمەد و عبدوللا مەحمود باسی دەکەن ئەمە پیناسەی کورشی مودەرسیە نەک مەنسور حیکمەت بۆ حیزبی کۆمۆنیستی

کرێکاری ، حیزبی مەنصور حیکمەت حیزبی یەک گرایشە ئەویش گرایشی کۆمۆنیزمی کرێکاریە.
ئەم حیزبەی قەرارە پێک بی ئاسۆی رۆشنی نیە هەریەک لە پێکهێنەرەکانی قسەی جیاواز دژ بە یەک دەکەن ڕێبوار دەڵی : ئەوە پرۆژەی حیزبی کۆمۆنسیتی کرێکاری عێراق بووە.. عەبدوللا مەحمود ئەلێ نە خێر پرۆژەی هیچ حیزب و لایەنەکی تر نەبووە. ئاسۆ کەمال لە چاو پێکەوتنێکیدا پێم وابێ لە گەل نوسینەگەی سلێمانی رۆژنامەی "میدیا"دا ئەڵێ : " کەرکوک کوردستانیە"." کەرکوک تەعریب کراوە" ئەی" کەرکوک شارێکی ئینسانیە" کە جاران دەتانووت چی لێ هات ؟ ئەمە نزیک بوونەوە نیە لە ناسیۆنالیزمی کورد یان وەرچەخان نیە بەلای راست و ناسیۆنالیزمدا ؟ هەردوکیان راستە ، دیارە ئاسۆ کەمالیش مێژووی کوردی خوێندەوتەوە بۆی دەرکەوتووە کە کەرکوک شارێکی کوردستانیە کەچی پێشتر کەرکوک لە لای ئەوان شارێکی ئینسانی بوو وە کەمپینیان بۆ ئەوە دەکرد ، دیارە ئیتر حیزبی تازەی ئاسۆ کەمال هاوشانی حیزبە ناسیۆنالیستەکانی تری کوردستان لە یەک کاروانی خەباتدا دەبن تا کەرکوک وەر بگرنەوە بیخەنەوە سەر کوردستان ( ئەوەیە حیزبی سەر بە خەتی مەنسور حیکمەت کە رێبوار باسی لێوەوە دەکات!! ) ئەگەر لە سەر ئەم پێوانە یە بین کە کەکەرکوک پێشتر شارێکی کوردسانی بووە ئەبێ ئێستا بگەرێتەوە بۆ خەلکەکەی خۆی دەبێ ئەورپی و ئاسیایەکان شارەکانی ئەمریکا و کەنەدا و ئۆسترلیا بە جێ بهێلن بۆ دانیشتوانە ئەسلیەکانیان کە بە هیندیە سورەکان ناسراون چونکە بە پێ ی مێژوو ئەم وولاتانە مولکی ئەوروپیەکان نیە هیندیە سورەکانیش دەڵین ولاتەکایان داگیر کراوە هەروەک ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیسزمی عەرەب ئەڵین : قودس مولکی ئیسلام و عەرەبە و مولکی جولەکە نیە بە پێی سەرچاوەکانی مێژوو وە دەبێ بخرێتەوە سەر فەلەستین . ئەگەر لە روانگەی مافی مەدەنیشەوە چاو بکرێ لە شارەکانی دونیا ئەوا شارەکان مۆلکی هیچ قەوم و قەبیلە تایفەیەک نین مۆلکی دانیشتوانەکەیەتی هەرکەس ئازادە لە کوێ دەژی و کۆچ دەکا و دەمێنێتەوەخەلک دەتوانێ هەرماوەیەک لە شارێک بژی ئەم مافە لە کۆمەلگای مەدەنیدا بە دەست هاتوە دەبێ ئەم مافە لە کۆمەلگای عێراق و کوردستانیش داسەپێ کە پیم وایە خەڵک لەم بارەوە زۆر موشکیلەی نیە لە کەرکوکیشدا خەلکی کەکوک هەیە ئیستا پێی خۆشە لە سلیمانی بژی یا لە بەغدا یا لە کەرکوک بژی ئەمە مافی خۆیەتی دەبی یاسا ریگای بدا. ئەوە موشکیلەی ناسیونالیزمە بۆ بە دەستهێنانی دەسەلاتی زیاتر و دزینی رەنج سەروەتی خەڵکی زیاتر کە دەڵێن هەر دەبێ کەرکوک بدرێتەوە بە ئەوان . هەلگیرساندنی شەری قەومی و تایفی و خەلتانی خوین کردنی ئەم شارە کە چەند وەختە ناسیۆنالیستەکان لەم کۆمەلگایەدا خەریکی خۆشکردن و ئەنجام دانی ئەم شەرەن هەر لەو پێناوەدایە .
منیش ئەوەم قبوڵە کەرکوک بەشێکی تەعریب کراوە نەک وەک ئاسۆ کەمال ئەڵێ :کەرکوک تەعریب کراوە لە لایەن رژێمی قەومی فاشیستی بەعسەوە هەروەک ئاسۆ کەمال لە هەمان جێگادا ئیشارەی پێ دەدا . ئەگەرئەوە رەفتاڕێکی رەگەز پەرستانەی سەدام و بەعسیەکان بوو ئایا لە بەرانبەردابە کورد کردنەوە واتە دەرکردنی عەرەبەکان و دانانی کوردەکان لە جێیان ئینسانیە ؟ نەخێر هەردوکیان وەک یەک نا ئینسانین دەکرێ بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە مافی هاولاتی بوون بۆ هەموو کەسێک بناسرێ کێ پێ ی خۆشە لەو شارە بژی با بژی ، کێ مافی خوراوە بە هۆی سیاسەتی تەعریبەوە ئەو مافەی لە لایەن دەولەتەوە بۆ بگەڕێتەوە هەر ریفراندۆمیش دەتوانی بریاری ئەوە بدا کە کەرکوک سەر بە دەولەتی عێراق بێ یا سەر بە دەوڵەتی ئایندەی سەربەخۆی کوردستان بێ . سەیر ئەوە نیە ناسیۆنالیستێکی تورک بڵی ئەم شارە مۆلکی تورکە ،یا ناسیۆنالیستێکی عەرەب بلێ نە خێر مولکی عەرەبە یا ناسیۆنالیستێکی کورد بڵی کەرکوک شاری کوردانە ، سەیر ئەوەیە کۆمۆنیستێکی حیکمتیست هەمان قسە بکات سەیر ئەوەیە حیزبی سەر بەخەتی مەنصور حیکەمەت بە قەولی ریبوار هەمان قسەی ناسیۆنالیستێکی کورد بکاتەوە
بەکورتی هەر لە سەرەتاوە ئەو حیزبە بەر لەوەی بپشکوێ دەرگیری بوحران بووەتەوە ، بەلگەشم ئەوەیە کە زۆربەی کادیران و ئەندامانی ئەو حیزبە موخالیفن پێ ی ، ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە لەمانگی چوارەوە بریاریان داوە بۆ ماوەی دوو مانگ ئەو حیزبە پێک بهێنن بەڵام وا تا ئێستا هێشتا ئاسەواری نیە . وە بە ڵگەیەکی تر ئەوەیە فاکتەکان ئەوەندە بە هێزنین بۆ پێک هینانی ئەو حیزبە هەلومەرجێکی زۆر جیاواز نیە لە کوردستان کە حیزبی کۆمۆنستی کریکاری بۆ دروست بکرێ وە ئەو حیزبە بە ئاسانی پێک ناهێنرێ .وە رابەرانی حککع خۆیان لە سیاسەتی کۆمۆنیستی کرێکاری لایان داوە وا دابنێن هەلو مەرج و زەمینەش لە بار بێ و پێداویستی حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاریش لە

کوردستاندا هەیە بەڵام بەو تێروانین بۆچوونانەی رابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەری دەبرن یا بەو سیاسەتەی ئەوان پیادەی دەکەن ئەو حیزبە حیزبی سەر بە خەت و سونەت و پراکتیکی مەنسور حیکمەت نابێ بەلکو حیزبێکی هاوخەتی سیاسەتە راسترەویەکانی حیزبەکەی ڕێبوار و کورشی مودەریسیە ئەو حیزبەش ئەگەر پێک بێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نابێ .

2007/8/3

تەواو _

_